Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080405

# شێوازە خوازەییەکانی داڕشتن
# بە نموونەی شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی)

ئیدریس عبداللە مصطفی
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەڵاحەدین

ژوان عبدالسلام عزیز گەردی
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە/ زانکۆی سەڵاحەددین

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شێوازە خوازەییەکانی دارشتن بە نموونەی شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی)دایە، مەبەستێکە بۆ دەرخستنی جەوهەرو گرنگی شێوازە خوازەییەکانی داڕشتن.

شێوازە خوازەییەکانی (داڕشتن)یش بنیاتی جوانکاری هونەری هەیە، جۆرە جوانییەک و تایبەتمەندییەکی تر بە شیعر دەبەخشن، هەڵگری واتای جۆراوجۆرن، بەمشێوەیە هەر شێوازێکی خوازەیی دارشتن کە بریتیین لە (فرمان و نەهێشتن و پرسیار و خۆزی و بانگ) شیعرەکانی شاعیریان بە پەیام و واتای تایبەت دەوڵەمەند کردووەو شاعیر بە شێوازی دەربڕین و داڕشتنە جوانەکەی پەیامی جۆراوجۆری شاراوەی دەروونی بە وەرگر بەخشیوە، ئەوەش وەزیفەی شیعرەو لە شاعیری داهێنەر ئەمە چاوەڕوان دەکرێت.

*Article Info*

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

*Keywords*

شێوازی داڕشتن، داڕشتنی داخوازی، داڕشتنی بێ لە داخوازی، شیعر.

*Corresponding Author*

idrees.kurdesh@su.edu.kr
zhwan.azeez@su.edu.krd

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (شێوازە خوازەییەکانی دارشتن بە نموونەی شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی)دایە، مەبەستێکە بۆ دەرخستنی جەوهەرو گرنگی شێوازە خوازەییەکانی داڕشتن.

مرۆڤ لە ناخی خۆیدا جوانی لە بێدەنگی بەرهەم دەهێنێت، لە جولەی عەقڵیش وشەی بەهێزو واتابەخش دەهێنێتەکایەوە، بۆیە شاعیر لە داڕشتنی شیعردا، جوانی لە پاڵ فرەواتایی بە دەقی شیعرییەکەی دەبەخشێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی توانای شاعیرە لە هۆنینەوەو داڕشتنی شیعرەکانیدا، لە لایەکی تر دۆزینەوەی بنەمای شێوازەکانی دارشتنە لە دەقە شیعرییەکانی (کامیلی ئیمامی)دا، بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) کراوە، بۆ ئەوەی شێوازە خوازەییەکانی داڕشتن لە دەقی شیعری شاعیر بخرێتەڕوو.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم تایبەت بە (داڕشتن)ەوەیە لەگەڵ گرنگترین هۆکارەکان و پێکهاتەی داڕشتن باسکراوە. بەشی دووەم تایبەتە بە شێوازەکانی داڕشتن لە شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی)دا، دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت تەوەری یەکەم لە بارەی شێوازەکانی داڕشتنی داخوازییە تەوەری دووەم شێوازەکانی داڕشتنی بێ لە داخوازییە بە نموونەی شیعری خراوەنەتەڕوو.

سنووری توێژینەوەکە تایبەتە بە شیعری شاعیر (کامیلی ئیمامی).

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا پوختەی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانی کوردی و عربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

کلیلە وشە: شێوازی داڕشتن، داڕشتنی داخوازی، داڕشتنی بێ لە داخوازی، شیعر.

**بەشی یەکەم: لە بارەی شێوازی دارشتنەوە:**

**تەوەرەی یەکەم: چەمکی داڕشتن:**

شێوازی داڕشتن جۆرێکە لە جۆرەکانی واتاناسی و بەشداری لە پێکهاتەی دەقی شیعری دەکات، ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی (پێکهاتەی ڕستەسازی)، چونکە شێوازی داڕشتن پەیوەستە بەلایەنی کاریگەری زمان، واتە: کەرەستەکانی زمانە شێوازەکانی داڕشتنیان لەسەر بنیات دەنرێت.

شێوازی داڕشتن مەودای زیاتر بۆ داهێنان لە زماندا دەرەخسێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی پێکهاتەی زمانی و بەشداریکردنی ئاخێوەر لە ئاخاوتندا، لەگەڵیدا واتایەکی زۆر دێتە کایەوە، ئەم واتایانەش جوانی و چالاکی و کاریگەری و ویژدانی زۆرتر بۆ دەقە شیعرییەکە درووست دەکەن.

دارشتن، پێکهاتەیەکە شێوازی جۆراو جۆرو کاریگەر لەخۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی شێوازی داڕشتن: ڕێگایەکە لەڕێگاکانی دەربڕین لە ئاخاوتن؛ بۆیە ئەم جۆرە شێوازە بەوە جیا دەکرێتەوە کە وا ((ناتوانرێت لەخۆیدا بەڕاست و درۆ وەسف بکرێت)). (هارون،2001: 13) واتە: داڕشتن ((ئەو ئاخاوتنەیە، لە خودی خۆیدا ڕاستی و درۆ هەڵناگرێت، چونکە واتای وشەکەی بەر لە دەربڕینی بوونێکی دەرەکی نییە لەگەڵیدا ڕێک بێت، یان پێچەوانەی بێت)). (عتیق،1974: 69)، بۆیە داڕشتن بۆ داواکردن و فرمانێکە ((ئەم فرمان و داوایە شتێکی ناوخۆییەو واقیعێکی دەرەوەی نییە، تا بزانرێت ڕاستە، یان درۆ، بۆیە لەخودی خۆیدا نە ڕاست نە درۆ هەڵناگرێت)). (عزیز،٢٠١٠: ٦٨) ئەم فرمانە ((هەر یەک قسەیە فرمانێکە و ئەڵێت بیکە، بیهێنی و نەیهێنێ تۆ فرمانی خۆتت داوە)، (سەجادی،١٩٨٦: 24) واتە ناتوانرێت وەکو هەواڵ لە ڕووی ڕاستی درۆوە حوکمی بەسەردا بدرێت.

پێکهاتەی شێوازەکانی داڕشتن هۆکارو ڕێگەی کاریگەرو گرنگن بۆ درووستکردنی دەقی ئەدەبی، وێنەو دەربڕینی جوان و سەرنجڕاکێشی لێ بەرهەم دێت، جوانییەکی تایبەت بە دێرە شیعرەکانی شاعیر دەبەخشن، هەر پێکهاتەیەک جۆرە داڕشتنێک بە واتایەکی بەهێز دەهێنێتە کایەوە، چونکە دەقی شیعری داڕشتنێکی هونەرییەو شێوەی ئاخاوتنی تایبەتە، هەر وەک لە دەقە شیعرییەکانی (کامیلی ئیمامی-ئاوات)دا دەبینرێت، بۆ نموونە:

**عەیبی خەڵکی قەت مەبینە هەر سەرنج دە عەیبی خۆت**

**تـا وەکـو عەیبت بپۆشـن، گیانە غەیرو ئاشـنا.** (زەنبیلی١٣٨١: ٦١)

(ئاوات)ی شاعیر لەم دێرە شیعرەدا چەندین جۆر لە شێوازەکانی داڕشتنی لە (نەهێشتن، فرمان، ئامۆژگاری و هاندان)ی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، دەربڕینێکە ڕاست و درۆ لە خۆیدا هەڵناگرێت.

**تەوەرەی دووەم: هۆکارەکانی داڕشتن:**

**یەکەم/ هۆکاری دەنگی:**

لە بنچینەکانی پێکهاتەی شێوازەکانی دارشتنە، بە تایبەت شێوازەکانی داڕشتنی داخوازی.

**ئاوازی دەنگی:** بەپێی ئاوازی دەنگ شێوازەکانی داڕشتن خێراترو جوانتر دەستنیشان دەکرێت و ئاسانتر لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، ((بۆ مانەوەی ئاخاوتنەکانی؛ پێویستی بە وەڵام وەرگرتنەوە هەیە، یان وەڵامدانەوەی کرداری، ئەمەش وا دەکات؛ ئاخاوتنەکان کراوەو داخراو نەبن)). (الطرابلیسی، (1981)، ص:349).

**دووەم/ هۆکاری ڕستەسازی و وشەسازی:**

پێکهاتەی شێوازی داڕشتن دەکەوێتە سەر ئامرازەکانی بەتایبەت ( ئامرازی پرسیارو ئامرازی سوێند)، یان شێوەی دیاریکراو کە ڕەگەزەکانی لەسەر بنیات دەنرێت، وەک: شێوەی (فرمان، سەرسوڕمان)، ئەم ڕەگەزانەش هاوبەشی تیا دەکەن بە بەشێکی گەورە لە دیاریکردن و گەیشتن بە مانای دەلالەتەکان.

**سێیەم/ هۆکاری ڕەوانبێژی:**

لە پێکهاتە بنچینەییەکانی شێوازە دیارەکانی وەرگێڕانە، لە هەستە سۆزدارییەکان بەبێ بڕیاری ئاوەز (عەقڵ)، ئەمەش زیاتر هەستەکان و ئاوەز پێچەوانە دەکەنەوە لە (ڕاستی زانست و ڕاستگۆیی لە ڕا دەربرین). (الطرابلیسی،1981: 349-350).

**چوارەم/ هۆکاری دەروونی:**

شێوازەکانی داڕشتن بە ئاخاوتن بنیات دەنرێت، ئاخاوتنیش بە کاریگەرییەکانی دەروون گۆڕانکاریان بەسەردادێت. یان ((ڕێگەی پێدەدات یان ڕێگەی پێ نادات، بۆیە بەگوێرەی ئەوەوە ماناو دەلالەتەکانی هەمە چەشن دەبن)). (الطرابلیسی،1981 :350). بەمشێوەیە شێوازەکانی داڕشتن؛ گەر بخرێنە نێو دەقی شیعری؛ ئەوا چالاکی جۆراوجۆر و دەربرینی جوانی پێ دەبەخشێت.

**بەشی دووەم: شێوازەکانی داڕشتن لە شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی):**

بەشێوەیەکی گشتی شێوازی داڕشتن دەکرێن بە دوو بەشەوە؛ هەر یەک لە بەشەکانیش لق و بەشی تری لێ دەبێتەوە، لە خوارەوە هەر یەکەیان دەخەینە ڕوو:

**تەوەری یەکەم: شێوازی داڕشتنی داخوازی:**

ئەم شێوازە، بە بەشێکی گرنگ لە شێوازەکانی داڕشتن دادەنرێت، بریتییە لە ((داواکردنی داواکراوێک لە لایەن ئاخێوەر، بەڵام داواکە لە کاتی داواکردنەکەدا لەبەر بوونی ڕێگرییەک بە دەست ناهێنرێت)). (القزويني، دون سنة الطبع: 135)، واتە: پێویستی بە وەڵامی وەرگر هەیە، بۆ جێبەجێکردنی داواکەی، داواکراوەکەش بەپێی پێکهاتەی شێوازەکانی داڕشتنی داخوازی ((وێنەی جۆراوجۆری دەبێت بە جیاوازی جۆری ڕستە و واتاکەی)). (العيد، (2007)، ص: 154)، بۆیە شێوازی داڕشتنی داخوازی دەبێتە چەندین جۆر.

**یەکەم: شێوازی فرمان:**

جۆری یەکەمی شێوازی دارشتنی داخوازییە، ((فرمانکردنە بۆ کردنی کارێکی دیاریکراو (ماددی، یان مەعنەوی) بێت؛ لە لایەن فرمانپێکراوەوە)). (الميداني، (1996)، ص: 228). ئەمەش بە دوو مەرج دەبێت:

١- فرمانکار لە پایەیەکی سەرووی فرمانپێکراو بێت.

٢- فرمانەکە پابەندبوون لە فرمانپێکراو درووست بکات. (مستەفا، (٢٠١١)، ل: ٤٥).

واتە ئاڕاستەی فرمانەکە لە سەروو بۆ خواروو بێت، لەگەڵ ئەمەش فرمانەکە لە لایەن فرمانپێکراو جێبەجێبکرێت، بەم پێیەش چەندین جۆری لێ بەرهەم دێت.

**شێوازی فرمان دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**١- شێوازی فرمانی درووست:**

بەشی یەکەمی فرمانە، ((فرمانکردنە بۆ کردنی کارێک لە بەرزەوە بۆ نزم، بە ئاڕاستەکردنی شێوازێکی درووست، لەهەمان کاتیشدا فرمانپێکراو پابەندە بە کردنی کارەکە)). (جمعة،2005: 103). بۆ ئەم شێوازە فرمانەیە لە نێو دەقی شیعریدا زۆر بە کەمی، دەنا بەدی نایێەت، ئەوەش شێوازە ئاساییەکەی فرمانە.

بۆ نموونە: کاتێک (پاشا بە سەربازەکەی دەڵێت: خۆت ئامادە بکە).

لێرەدا؛ سەرباز دەبێت خۆی ئامادە بکات و ناشتوانێت بپرسێت؛ بۆ؟).

**2- شێوازی فرمانی خوازەیی:**

بەشی دووەمی دەرچوونی فرمانە لە مانای سەرەکی خۆی، واتە: ((دەکرێت فرمان لە واتای درووستی خۆی دەربچێت، چونکە فرمانی درووست؛ فرمانپێکردنە بە کردنی کارێک لە بەرزەوە بۆ نزم لەو ڕووەوە فرمانپێکراو پێویستە جێبەجێی بکات و پێوەی پابەند بێت، بەڵام ئەگەر یەک لەو مەرجانەی لە دەستدا، ئەوا فرمانپێکردنەکە دەربڕین دەبێت لە واتای تر، واتە: دەبێتە فرمانی داخوازی)). (عتيق،1974: 77)، ئەویش لە چەندین شێواز دەردەکەوێت و جوانییە ڕەوانبێژییەکەش لەم بەشە بەرهەم دێت. (مستەفا،٢٠١١: ٤٦). چونکە بەپێی شێوازی فرمانپێکردنەکە واتای جیا بە فرمانپێکراو دەبەخشێت، هەر ئەمەشە جوانی تایبەت بۆ دەقی شیعری بەرهەم دەهێنن. واتە: شێوازی فرمانی خوازەیی بریتییە لە ((شێوازی داڕشتنی هەڵبژێردراو و لادانی شاعیرە لە واتای ڕاستەقینە، فرمانکردنە بە کردنی کارێک بە جێبەجێکردن و پابەندبوونی فرمانپێکراو بە واتاو مەبەستی جیا جیا، ئەمەش لە شێوازی دەربڕینی ئاخاوتنەکەوە ڕوون دەبێتەوە)). (مطلوب،1980: ١١١) بۆیە شێوازی فرمانی خوازەیی دەبێتە چەندین جۆر، لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر جۆرەکان.

**شێوازەکانی فرمانی خوازەیی:**

**1- پاڕانەوە:**

شێوازێکی فرمانی خوازەییە، ((لە شێوەی هاوار بۆ کردن و یارمەتی و کروزانەوەو بەخشین و بەزەیی و هەر داوایەکی تری هاوشێوەیە، فرمانێکە لە بەندەوە ئاڕاستەی خوداوە دەکرێت)). (عتيق،1974: 77)، بۆ نموونە:

**یا ڕەبی وەدەرخە ڕۆژی ڕەحمەت**

**لابە لەسەر ئەم وڵاتە نەگبەت.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٤١)

لەم دێرە شیعرەدا: (کامیل) فرمانی (وەدەرخە، لابە)ی بە شێوازو مەبەستی پاڕانەوە لە خودای گەورە بەکارهێناوە، بەمەش هەر دوو مەرجی فرمانی درووستی لە دەست داوە، چونکە: یەکەمیان؛ داواکە لە (شاعیر)ەوە بۆ خوای گەورە بەرزکراوەتەوە، واتە: فرمانەکە لە بچووک و بێهێزەوە بۆ گەورەو بەهێزو دەسەڵاتدار ئاڕاستەکراوە، بۆیە بوو بە پاڕانەوە، دووەمیان؛ مەرج نییە خوای گەورە فرمانەکەی جێبەجێ بکات، واتە: پابەندبوون درووست نابێت، بەمشێوەیە شێوازی فرمانی خوازەیی بەرهەم هاتووە.

**2- ئامۆژگاری:**

شێوازێکی تری فرمانی خوازەییە، داواکردنێکە لە شێوازی فرمان، وەک ئەوەی فرمانکارو فرمانپێکراو وەک یەک بن. بۆ نموونە:

**بڕوانە کاروباری خوداوەندی ئینس و جان**

**قودەڕت نووێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاسمان.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٥٢)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) فرمانی (بڕوانە)ی بە شێوازو مەبەستی (ئامۆژگاری) لە بەندەیەک بەرهەم هێناوە، بەمەش مەرجەکانی فرمانی درووستی لە دەست داوەو شێوازی فرمانی خوازەیی درووست بووە.

**3- شانازی:**

شێوازێکی تری فرمانی خوازەییە، بریتییە لەوەی ((شێوازی فرمان دەشێت بۆ ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بێت، ئەگەر ئامۆژگارییەکە بە مەبەستی پابەندبوون نەبێت)). (فيود، 2004: 294) بەرهەم دێت، بۆ نموونە:

**وەک ((ئیمامی)) بە کە غەیرو ئاشنا لێی ڕازییە**

**چونکە قەت نەیکرد بە عومری سیڕڕی خەڵکی ئاشکرا.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٦١).

لەم دێرە شیعرەدا: (کامیل) فرمانی (بە)ی بە شێوازو مەبەستی (شانازی)و گەیاندنی هەواڵ بەرهەم هێناوە، ئیمامی داوا دەکات لە پاراستنی نهێنی خەڵکی وەک ئەو بن، بەمەش شێوازی فرمانی خوازەیی درووست بووە.

**4- تکا:**

شێوازێکی ترە لە فرمانی خوازەیی، فرمانکارو فرمانپێکراو لە یەک ئاست بن، فرمانکار بە شێوازی تکا

داوایەکەی ئاڕاستەی فرمانپێکراو دەکات، بۆیە دەبێتە فرمانی خوازەیی لە جۆری (تکا). بۆ نموونە:

**خزمینە وەکو بن کە ئەگەر عاقڵ و پیاون**

**بیرێ لە کەس و کارو کە مردون و نەماون.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٩٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ شاعیر فرمانی (وەکو بن)ی بە شێوازو مەبەستی (تکا) بەرهەم هێناوە، چونکە ئەگەر خزمەکانی باش بن، تکاکەی قەبوڵ دەکەن، ئەگەریش باش نەبن، بە قسەی ناکەن، شاعیریش ناتوانێت ناچاریان بکات، بۆیە سیفاتی فرمانی درووست لە دەست دەدات، بەمشێوەیە شێوازی فرمانی خوازەیی درووست بووە.

**5- وشیارکردنەوە:**

شێوازێکە لە شێوازەکانی فرمانی خوازەیی، فرمانەکە لە لایەن فرمانکارەوە بەشێوازی وشیارکردنەوە پەیام بە فرمانپێکراو دەگەیەنێت. بۆ نموونە:

**ئێستەش کە خەیاڵو لەسەر و پرچی بڵاوە**

**باش تێ بگەن ئەو بیرو خەیاڵە هەموو خاون.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٩٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) فرمانی (تێبگەن)ی بە شێوازو مەبەستی (وشیارکردنەوە) بەرهەم هێناوە، بەمجۆرە شێوازی فرمانی خوازەیی دروست بووە.

**6- ناورانەوە (دوعای بە کوڵ):**

شێوازێکی تری فرمانی خوازەییە، فرمانەکە بەشێوەی ناورانەوە ئاڕاستەی فرمانپێکراو دەکرێت بۆ بەجێهێنانی داواکەی، بەڵام پابەندبوون دروست نابێت. بۆ نموونە:

**ڕەحمێ بکە زو بە ئاهی سەردم**

**بـینێرە خـودا دەوایی دەردم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٠٤)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) فرمانی (ڕەحمێ بکە، بینێرە)ی بە شێوازو مەبەستی (ناورانەوە) لەبەرامبەر خوای گەورە بەرهەم هێناوە، واتە پابەندبوون دروست نەبووە، چونکە داواکە لە بەندە بۆ خودای گەورەیە بۆیە شێوازی فرمانی خوازەیی دروست بووە.

**دووەم- شێوازی نەهێشتن:**

جۆرێکی ترە لە شێوازی داڕشتنی داخوازی، ((داوای نەکردنی کارێکە، لە ڕووی بەرزی و پابەندییەوە)). (الهاشمي، 2005: 77)، ئەمەش فرمانکردنە بەڵام بە نەکردنی کارەکەیە لە لایەن داوالێکراو، ئاڕاستەی داواکەش لەبەرزەوەیە، بۆیە پابەندبوون دروست دەکات، واتە: شێوازی نەهێشتن بە دوو مەرج بەرهەم دێت، لەوانە:

١- داواکار لە پایەیەکی گەورەتر بێت لە داوالێکراو.

٢- داواکار پابەندبوون لە داوالێکراو دروست بکات. (مستەفا،٢٠١١: ٤٩).

نەهێشتن بە دوو ئامرازی (نە، مە) دروست دەبێت، لە شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی)دا؛ هەردوو ئامرازی (نە، مە) بە مەبەستی نەکردنی کارێک لە لای داوالێکراوە بەکارهێنراوە.

**شێوازی نەهێشتن دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**١- شێوازی نەهێشتنی دروست:**

ئەم شێوازە بریتییە لە ((فرمانی نەکردنی کارێک کە گونگر خەریک بێ یا بە تەمابێ یا لەوانە بێ بیکات، داواکەش دەبێ لە ڕووی دەسەڵات و دەست ڕۆیشتنەوە بێ، بە مەوەش نەهێشتنەکە دەبێ بە نەهێشتنی دروست)). (گەردی،١٩٧٩: ٣٤) چونکە بە بوونی هەر دوو مەرج بەرهەم هاتووە.

بۆ نموونە: (دایک بە منداڵەکەی دەڵێت: خۆت پیس مەکە).

منداڵەکە ناچارە پابەند بێت، دەنا دایکی سزای دەدات.

**٢- شێوازی نەهێشتنی خوازەیی:**

شێوازێکی تری نەهێشتن؛ نەهێشتنی خوازەییە ((داوای نەکردنی کارێکە، بەڵام بە شێوەیەک؛ دەرچوون بێت لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ مانای تر، ئەمەش بە هۆی ئەو بەڵگانەوە دەردەکەوێت، کە لە دەربڕینەکان دەبینرێت)). (عباس،2005: 158) واتە: بە نەمانی هەر یەکێک لەو مەرجانەی سەروو، شێوازی نەهێشتنی خوازەیی بە چەندین شێواز بەرهەم دەهێنرێت.

**شێوازەکانی نەهێشتنی خوازەیی:**

**١- پاڕانەوە:**

شێوازێکە لە نەهێشتنی خوازەیی ((نەهێشتنێکە لە بەندەوە ئاڕاستەی خودا دەکرێت، هەردوو مەرجەکانی نەهێشتنی دروست لە دەست دەدات، چونکە نەهیکەر بەندەیەو لە خودا زۆر بچووکترە، کە نەهیەکەی بۆ بەرزکردۆتەوە، خوداش قەت ناچار نابێ جێ بە جێی بکات، ئەگەر بیکات ئەوە لەبەر ڕەحم و بەزەیی خۆی بەجێی دێنێ، دەنا هیچ)). (مستەفا،٢٠١١: ٥٠). بۆ نموونە:

**ڕەببی نەوی نەبێ، نەنەوێ، ون نەبێ لە چاو**

**نەچیە دەرێ لە دڵ کە دڵم هەر ئەتۆی دەوێ.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٠٢)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (نەوی نەبێ، نەنەوێ، ون نەبێ، نەچیە دەرێ)ی بە شێوازو مەبەستی پاڕانەوە لە بەرامبەر خوای گەورە بەکارهێناوە، بەمەش هەر دوو مەرجی نەهێشتنی دروستی لە دەست داوە، چونکە: یەکەمیان؛ داواکە لە (شاعیر)ەوە بۆ خوای گەورە بەرزکراوەتەوە، بۆیە بوو بە پاڕانەوە، دووەمیان؛ مەرج نییە خوای گەورە داواکەی جێبەجێ بکات، واتە: پابەندبوون دروست نابێت، بەمشێوەیە شێوازی نەهێشتنی خوازەیی بەرهەم هاتووە.

**٢- داوا:**

شێوازێکی تری نەهێشتنی خوازەییە، داواکردنێکە لە شێوازی فرمان بەڵام بە نەهێشتن و نەکردنی کارەکەیە، بۆ نموونە:

**ناهومێدم مەکە لە ڕەحمەتی خۆت**

**بێنەجێ ئـارەزوم و ئـاواتم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٠٢)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (ناهومێدم مەکە)ی بە شێوازو مەبەستی (داوا) بەرهەم هێناوە، شاعیر داوا لە خودای گەورە دەکات لە میهرەبانی خۆی بێبەشی نەکات، بۆیە شێوازی نەهێشتنی خوازەیی دروست بووە.

**٣- ئامۆژگاری:**

شێوازێکی نەهێشتنی خوازەییە، ((ئاڕاستەکردنی داوای نەکردنی کارێک لە کارەکانە، لە پێناو ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کردنییەتی، نەک لەپێناو پابەندبوون و جێبەجێکردنی)). (جمعة،2005: 124). بۆ نموونە:

**منداڵ سـەد ئامان نەهێڵن بشکێ**

**لە چاوما ئابڕوی چەند ساڵەم بتکێ.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٣٨)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (نەهێڵن)ی بە شێوازو مەبەستی (ئامۆژگاری) بۆ منداڵان بەرهەم هێناوە، بەمەش مەرجەکانی نەهێشتنی دروستی لە دەست داوەو شێوازی نەهێشتنی خوازەیی دروست بووە.

**٤- تکا:**

شێوازێکی ترە لە نەهێشتنی خوازەیی، ((ئەو کاتەی نەهێشتنەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئاڕاستە دەکرێت، کە لە هەمانە پلەو هاوتەمەن بن)). (عتيق،1974: 84) بەرهەم دەهێنرێت. بۆ نموونە:

**مەکە تو خوا دەگەڵ وی باسی عومری زۆر درێژ ئەی گوڵ**

**دڵی سـافە، وتەی وا گـیانە زو باوەڕ دەکا شـەونم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٦٥)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (مەکە تو خوا)ی بە شێوازو مەبەستی (تکا) بەرهەم هێناوە، بەمشێوەیە شێوازی نەهێشتنی خوازەیی دروست بووە.

**٥- وشیارکردنەوە:**

ئەمە شێوازێکی تری نەهێشتنی خوازەییە، ئەو کاتە بەرهەم دەهێنرێت کە داواکار پەیامەکەی بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوەی داوالێکراو؛ داواکەی ئاڕاستە دەکات. بۆ نموونە:

**ڕامەوەستە بەڵا ملت بشکێ**

**نەکو ڕاوەستی ئابڕوت بتکێ.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٢٨)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (ڕامەوەستە بەڵا)ی بە شێوازو مەبەستی (وشیارکردنەوە) لە بەرامبەر کەسێک بەرهەم هێناوە، بەمەش شێوازی نەهێشتنی خوازەیی دروست بووە.

**٦- دڵدانەوە:**

شێوازێکی ترە لە نەهێشتنی خوازەیی، داواکار بە شێوازێکی نەرم داوای نەکردنی کارێک لە داوالێکراو دەکات، ئەم شێوازە نەهێشتنە خوازەیە کاریگەری ئەرێنی بە دەروونی داوالێکراو دەبەخشێت. بۆنموونە:

**خەم مەخۆن یاران مەڵێن ڕۆیی ((عەلی)) شێری خودا**

**پاک و ڕوسور بۆ حزوری حەزرەتی مەولا دەچێ.** (زەنبیلی، (١٣٨١)، ل: ١٦٠)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) نەهێشتنی (خەم مەخۆن)ی بە شێوازو مەبەستی (دڵدانەوە) لە بەرامبەر یاران بەرهەم هێناوە، هەروەها (کامیلی شاعیر) لەهەمان کاتدا نەهێشتنی (مەڵێن ڕۆیی) بەشێوازو مەبەستی (دەرخستنی خەم و پەژارە) بەرهەم هێناوە، بەمەش شێوازی نەهێشتنی خوازەیی دروست بووە.

**سێیەم- شێوازی پرسیار:**

جۆرێکی تر لە شێوازی داڕشتنی داخوازی (شێوازی پرسیار)ە ((ئەو شێوازەیە لە دەروونی جوڵە دەوروژێنێت، داواکار؛ بەشێوازی پرسیار داواکەی لە داواکراو دەکات، لە ڕووی ئەو بابەتانەی کە لە هەست و نەستیەوە؛ وەڵامیان پێویستە)). (السيد فودة،بدون سنة الطبع: 296). واتە: ورووژاندنێکە لە ناخی داواکارەوە دروست دەبێت و ((دەربڕینە لە ناخی دڵ و دەروون، ئارەزووی زانین و خستنەڕووی ئەوەی لە دڵدا هەیە سەبارەت بە خوودی وێژدان و دڵەڕاوکێ و ڕاڕاکان، کە لە ویژدانی داواکار دروست بووە، هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردن و خستنەرووی شتە شاراوەکانە لە دەوری متبوون)). (مرتاض،1998: 173). بە مەبەستی بەدی هێنانی واتای نوێ بە شێوازی سەرنجڕاکێش، بەمشێوەیە پرسیار بریتییە لە ((داواکردنی زانیاری لە بارەی شتێک، کە پێشتر ڕوون و زانراو نەبووە)). (مطلوب،1983: 181). تێگەیشتن لە شێوازەکانی پرسیار؛ لە لایەک بەپێی ئامرازەکانی پرسیار دەبێت، لە لایەکی ترەوە بە پێی ئاوازی دەربڕینەوە دەبێت، واتە: تێگەیشتن لە واتای پرسیارەکان دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دەربڕین و داڕشتن، دیارە پرسیاری دروست هەر یەک جۆرەو پرسیارێکە؛ وەڵامی دەوێت، ئەویش لە نێو شیعردا زۆر بە کەمی، دەنا بەدی نایەت، بەڵام ((سنووردارکردنی واتای ڕەوانبێژی خوازەیی بۆ پرسیارکار؛ بەئاسانی بە دەست ناهێنرێت، لەبەر ئەوەی واتا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو دەبێتەوە، ئەمەش بە پێی باری دەروون و هەست سۆزو هەڵچوونی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر واتاکەیدا دێت)). (الحسيني،2004: 215) بەپێی ئامرازەکانی زمان و چۆنیەتی داڕشتنی؛ لادانی جۆراوجۆر بە پێی هەست و دەروونی شاعیر دروست دەبێت، شێوازی داڕشتنی پرسیاریش، نهێنی ئاخاوتنەکانی دەروونی شاعیر دەردەخات چونکە شیعر دەربڕینێکی داهێنەرانەیە؛ لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت.

**شێوازی پرسیار دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**١- شێوازی پرسیاری درووست:**

شێوازێکی پرسیارە؛ بریتییە لە((داواکردنی تێگەیشتنە لە پرسیارلێکراو)). (فيود،2004: 317). لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە شێوازی پرسیاری درووست دوو مەرجی هەیە بۆ درووستبوونی؛ لەوانە:

1- پرسیارکار مەبەستی فێربوون و دڵنیابوونی خۆی بێت لە پرسیارەکەی.

2- پرسیارەکە وەڵامی بووێت. (مستەفا،٢٠١١: ٦٢).

بە هۆی ئەم مەرجانەوەیە (شێوازی پرسیاری درووست) بەرهەم دەهێنرێت.

بۆ نموونە: (سەعات چەندە؟)

ئەمە پرسیارێکەو وەڵامی دەوێت.

**٢- شێوازی پرسیاری خوازەیی:**

شێوازێکی تری پرسیار؛ پرسیاری خوازەییە، مەبەست لێی زانینی شتەکە نەبێت، بەڵکو مەبەستی گەیاندنی مانایەکی تر بێت، کە لە ڕەوتی ڕستەکەدا دەردەکەوێت، بە واتایەکی تر؛ بێجگە لە مەبەستی درووستی پرسیار کە داوای زانینی شتێکە، دەشێت پرسیارەکە لەم مانا درووستەی خۆی دەربچێت و مانایەکی خوازەیی بگیەنێت کە لە ڕستەکەدا دەردەکەوێت. (گەردی،١٩٧٩: ٣٧ و ٤٢)، بە لە دەستدانی مەرجەکانی پرسیاری درووست، پرسیاری خوازەیی بە چەندین شێواز درووست دەبێت، هەر یەک لە شێوازەکانیش بۆ گەیاندنی مەبەستێکە، وەک لە شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی) دەبینین بە شێوازەکانی پرسیاری خوازەیی، هەستەکانی خۆی لە (خەمباری و میهرەبانی و دڵەڕاوکێ و خۆشی و ڕاڕایی و .....) دەربڕیوە.

**شێوازەکانی پرسیاری خوازەیی:**

**١- پاڕانەوە:**

شێوازێکی پرسیاری خوازەییە، مەبەست لێی پرسیارێکە لە بەندەوە ئاڕاستەی خوا دەکرێت، لێرەدا مەبەستی زانین و وەرگرتنی وەڵام نییە، بەڵکو داوایەکە لە بەندەوە بۆ خوای گەورە بەرزکراوەتەوە. بۆ نموونە:

**خـودا بۆچی منی بێچارە بێ دەردو بەڵا ناکەی**

**ئیلاهی بۆچی دەردی من بە ڕەحمی خۆت دەوا ناکەی.** (زەنبیلی، (١٣٨١)، ل: ١٢٣)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی پرسی (بۆچی) بە شێوازو مەبەستی (پاڕانەوە) لە بەرامبەر خودای گەورە بەرهەم هێناوە، بەمەش شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست بووە.

**٢- خۆزی:**

شێوازێکی ترە لە پرسیاری خوازەیی، لە پرسیارکردندا بەرجەستە دەبێت، پرسیارکار ئاواتی هێنانەدی هەندێ شت دەخوازێت، بەمشێوەیە لە باری درووستی خۆی دەردەچێت، چونکە مەبەستی زانینی زانیاری نییە بەڵکو پرسیارێکی خۆزییە. بۆ نموونە:

**کوا مەرگ بێت و بەخێری بێنم**

**گیانی شیرینمی بۆ دەربێنم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٣٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی پرسی (کوا) بە شێوازو مەبەستی (خۆزی) بەرهەم هێناوە، واتە: (خۆزگە مەرگ دەهات)، ئەمەش وایکردووە شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست بێت، چونکە مەبەستی زانین و وەرگرتنی وەڵام نییە.

**٣- گلەیی:**

شێوازێکی تری پرسیاری خوازەییە، پرسیارکار بە مەبەستی گەیاندنی گلەیی پەیامەکەی دەگەیەنێت، ئەمەش وا داەکات لە باری درووستی خۆی دەربچێت. بۆ نموونە:

**چلۆن بـفرم، پەڕو پۆم هەڵوەریوە**

**چلۆن خۆڵ کەم بەسەردا، دەستەبەستەم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٩٣)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی پرسی (چلۆن) بە شێوازو مەبەستی (گلەیی) بەرهەم هێناوە، بۆیە شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست دەبێت.

**٤- میهرەبانی:**

شێوازێکە لە شێوازەکانی پرسیاری خوازەیی، بە دەرچوونی پرسیار لە مەبەستی درووستی خۆی دەبێت، ئەو کاتەی پرسیارەکە ئاڕاستە دەکرێت بۆ دەربڕینە لەو هەستە جوانانەی پرسیارلێکراو هەیەتی. بۆ نموونە:

**گەر لە ژێر چەتری شەفاعەت ڕێم نەکەی چبکەم ئەمن؟**

**کـوێ بچم کوێر و فـەقیر، ناشـارەزایی مـەحشـەرم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٤٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی پرسی (چ، کوێ) بە شێوازو مەبەستی (میهرەبانی) لە پێناو دەرخستنی سۆزو میهرەبانی پێغەمبەر محمد (د.خ) بەرهەم هێناوە، بەمشێوەیە شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست دەبێت.

**٥- وشیارکردنەوەو ترساندن:**

شێوازێکی تری پرسیاری خوازەییە، ئەو کاتە درووست دەبێت کە پرسیارکردنەکە بۆ مەبەستی وشیارکردنەوە دەرخستنی ترس بێت، نەوەک بۆ داواکردنی زانیاری لە بارەی نەزانراوێک بێت. بۆ نموونە:

**کوا یار و ڕەفیق و کەس و کار، داییک و بابو**

**چۆن ڕۆیین و کوێ چون و چیو، پەخش و بڵاون.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٩٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بە هۆی وشەی پرسی (کوا، چۆن، کوێ، چی) بە شێوازو مەبەستی (وشیارکردنەوەو ترساندن) بەرهەم هێناوە، لە ناخی خۆیدا هەواڵێکی هەڵگرتووە، واتە: ئێوەش دەمرن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست ببێت.

**٦- سەرسامی:**

شێوازێکی تر لە پرسیاری خوازەییە، ئەو کاتەی پرسیارەکە لە مەبەستی درووستی خۆی دەرچوو بێت و بۆ مەبەستی سەرسامی لە بەرامبەر پرسیارلێکراو بەکارهێنرابێت، واتە: پێویستی بە وەڵام و زانین نییە، تەنیا دەرخستن و دەربڕین لە جوانی چەند شتێکە. بۆ نموونە:

**چ شـەوێ بو شـەوی جـومعـە کە شـەوی زەلزەلە بو؟**

**شەوی سۆز و شەوی پڕ سۆز و هەرا و مەشغەڵە بو؟** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٥٩)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بە هۆی وشەی پرسی (چ) بە شێوازی (سەرسامی) بە مەبەستی دەرخستنی خۆشی و گەورەیی و بەرەکەتی شەوی هەینی بەرهەم هێناوە، بەمەش شێوازی پرسیاری خوازەیی درووست دەبێت.

**چوارەم: شێوازی خۆزی:**

جۆرێکی ترە لە شێوازی دارشتنی داخوازی، ((داوای شتێکی خۆشەویستە، چاوەڕوان ناکرێت بەدی بێت، یان لەبەر ئەوەی مەحاڵە، یانیش لەبەر ئەوەی ئاساییە بەدی بێت، بێ ئەوەی هیچ ئارەزوویەک لە بەدیهێنانیدا هەبێت)). (الجارم، 2005: 247)، بەو واتایەی خۆزیکار مەحاڵە ئاواتەکەی بێتەدی، بۆیە وەک خۆزگەیەک لە دڵ و دەروونی خۆزیکار دەمێنێتەوە، لێرەدا لە پێشبینیکردن جیا دەبێتەوە، چونکە بریتییە لە ((پێشبینیکردنی ڕوودانی کارێکی خۆشەویست لە داهاتوودا)). (اليمني،2002: 160)، واتە لێرەدا کارەکە دەکرێت لە داهاتوودا ڕووبدات، ئەمەش وا دەکات لە واتای شێوازی خۆزی جیا ببێتەوە، چونکە خۆزی داواکردنێکی خۆشەویستە، کە بە دەست هێنانی پێشبینی نەکراوە، یان ڕوودانی یان بەدیهێنانی مەحاڵە، لەگەڵ ئەمەشدا خۆزیکار پەنا دەباتە بەر داواکردنی، بە مەبەستی پێشاندنی ئارەزووەکانی ناخی لە لایەک، لە لایەکی تریش بۆ خالیکردنەوەو دەربڕین لە بارێکی هەست و دەروونی دیاریکراو، بەڵام تەنیا وەک خۆزگەیەک و ئاخ هەڵکێشانێک لە دەروونی خۆزیکاردا دەمێنێتەوە. لە شیعرەکانی (کامیلی ئیمامی) بەڕێژەیەکی کەمتر لە هونەرەکانی تر بەکارهێنراوە، لەگەڵ ئەمەشدا وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی لەپاڵ گەیاندنی واتای بەرز درووستکردووە.

**شێوازی خۆزی دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**١- شێوازی خۆزی درووست:**

ئەم شێوازە خۆزیە، داخوازیکار داواکەی هەرگیز بەدی نایەت. بۆ نموونە:

**مانگیش کە بە وێنە دێتە ئاوێ**

**خۆزگە لـە پڕا دەکەوتە داوێ.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢١٠)

لەم دێڕە شیعرەشدا؛ (کامیل) ئامرازی (خۆزگە)ی بەکارهێناوە، شاعیر ئاواتەخوازی شتێکە کە هەرگیز ڕوو نادات، واتە: ئەم خۆزگەیە هەرگیز بەدی نایەت، بۆیە شێوازی خۆزی درووست بەرهەم هێنراوە.

**٢- شێوازی خۆزی خوازەیی:**

ئەم شێوازە خۆزیەش دەکرێ داخوازیکار داواکەی بەدی بهێنرێت و مەحاڵ نییە. بۆ نموونە:

**کوێ چووە ئەم ساڵ برا خەمخوارەکەم**

**سـەد هەزار خۆزگەم بە ساڵی پارەکەم.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٦١)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) ئامرازی (خۆزگە)ی بە شێوازو مەبەستی (پاڕانەوە) بەکارهێناوە، واتە: یا خوا وەکو ساڵی پار بێتەوە، ئەمەش ئاساییە بەدی بێت، بەمەش شێوازی خۆزی خوازەیی درووست بووە.

**پێنجەم- شێوازی بانگکردن:**

جۆرێکی تر لە شێوازی دارشتنی داخوازی (شێوازی بانگکردن)ە، بریتییە لە ((دارشتن بە بانگکردن، یان بانگکردنە بە وشەیەک گوزارشتی لێ دەکات، بۆ ئەوەی بانگکراو بە دڵ بانگکار پەسەند بکات، ئەمەش لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو ئەو بانگکردنە بۆ ئەوەیە دوای ئەو وشەیە دەست پێبکات، یان بۆ ئەوەی بزانێت بانگکراو ئامادەیە، یان ئامادە نییە، یان بۆ ئەوەی سیفەتێکی بداتە پاڵ)). (الجرجاني،1997: 103). بانگکار بە مەبەستێک بانگکراو بانگ دەکات، دەشێت مەبەستی وشیارکردنەوە بێت، ((واتە داوای لێ دەکات هوشیار بێتەوە)) (گەردی،١٩٧٩: ٤٥)، (کامیلی ئیمامی) ئەم شێوازەی دارشتنەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، هەندێک جار بۆ واتای درووستی خۆی هاتووە، هەندێکجاریش بە واتاو مەبەستی خوازەیی هێناویەتییەوە، ئەمەش جوانییەکی تایبەتی بە دارشتنی شیعرەکانی بەخشیوە.

**شێوازی بانگکردن دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

**١- شێوازی بانگکردنی درووست:**

شێوازێکی بانگکردنە؛ بریتییە لە بانگکردنی بانگکراو بە وشەیەک، واتە: ئاگادارکردنەوەی بانگکراو بە وشەیەک، بۆ ئەوەی لە دوای ئەمە بانگکار شتێک بە بانگکراو ڕابگەیەنێت، ئەم شێوازە بانگکردنەش؛ دەبێت چەند مەبەستێک بەدیبێنێت، لەوانە:

أ - بانگکردنەکە بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی بانگکراو بێت.

ب - بانگکراو دەبێت ئاقڵ بێت، چونکە ئەگەر ئاقڵ نەبێت، ئەوا بانگکردنەکە ئەرکی خۆی بەجێ ناهێنێت.

ج - بانگکراو دەبێت کەسێک بێت، یان چەند کەسێک بن، لە نزیکی بانگکار بن و دەنگیان بگاتە یەکتر.

د - لە بانگکراودا پابەندی دروست بکات. (مستەفا،٢٠١١: ٧٤).

بۆ نموونە: **(ڕۆڵە ڕۆڵە وەرە).**

ئەم ڕستەیە بانگکردنی درووستە، چونکە هەر یەک لەو مەبەستانەی سەرەوەی تێدا بەدی هاتووە.

بەڵام ئەگەر هەر یەک لەو مەبەستانە نەیەتەدی، ئەوا شێوازی بانگکردنەکە دەگۆڕێت بۆ بانگکردنی خوازەیی.

**٢- بانگکردنی خوازەیی:**

بەشی دووەمی بانگکردن ((دەشێت بانگکردن لە مانای درووستی خۆی دەربچێت و گوزارشت لە چەندین

مانای تر بکات، بە هۆی بەڵگەوە دەزانرێت کە بانگکردنی درووست نییە)). الهاشمي،2005: ٩٧) چونکە بۆ مەبەستی تر بەکارهێنراوە، هەروەک لە شیعرەکانی (کامیل)دا دەبینرێت؛ مەبەست گەڵێکی بە هۆی شێوازی بانگکردنەوە درووستکردووە.

**٢- شێوازەکانی بانگکردنی خوازەیی:**

**١- پاڕانەوە:**

شێوازێکی بانگکردنی خوازەییە، بانگکار بەندەییە، بانگکراو خودای گەورەیە، بۆ مەبەستی خوازەیی بەکارهێنراوە، چونکە مەبەستی درووستی خۆی لە دەست داوە، تا وەکو وەڵامی بداتەوە. بۆ نموونە:

**مەزرەعەی خاڵی پی خۆم دیوە من و داسی کول**

**ئەی خودایا بە چ دروێنە بکەم، چی بدورم؟** (زەنبیلی،١٣٨١: ١١٤)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (پاڕانەوە) لە بەرامبەر خودای گەورە بەرهەم هێناوە، واتە: (ئەی خودایە نازانم، فێرم بکە)، بەمەش شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست بووە.

**٢- گلەیی:**

شێوازێکی ترە لە بانگکردنی خوازەیی، بانگکار بە مەبەستی گەیاندنی گلەیی بانگکراو بانگ دەکات، بۆیە لە باری درووستی خۆی دەردەچێت. بۆ نموونە:

**ئەی چەرخی زەمانە هات و چو، ئەمنی کوشت**

**بەردەرکی خەڵک شەرم و شکۆ، ئەمنی کوشت.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٢٨١)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (گلەیی) لە بەرامبەر چەرخی زەمانە بەرهەم هێناوە، بۆیە شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست بووە.

**٣- شانازی:**

شێوازێکە لە شێوازەکانی بانگکردنی خوازەیی، بانگکار لە باری درووستی خۆی دەردەچێت و شانازی بە بانگکراو دەکات. بۆ نموونە:

**ئەی سەییدی کائینات و جێی شانازی**

**زێدە لە پەیامبەران ئەتۆ شابازی.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٤٩)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (شانازی) لە بەرامبەر (پێغەمبەر محمد (د.خ)) بەرهەم هێناوە، بەمجۆرە شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست بووە.

**٤- سەرسامی:**

شێوازێکی تری بانگکردنی خوازەییە، بانگکار لە باری درووستی خۆی دەردەچێت و سەرسامی خۆی لە بەرامبەر بانگکراو دەردەبڕێت. بۆ نموونە:

**ئەی ((شفیع الامم)) چ خۆش لەقەبی**

**چ بە عـوزم و ویقـار و بـا ئەدەبی.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٧٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (سەرسامی) لە بەرامبەر نازناو و گەورەیی و خوو و ڕەوشتی (پێغەمبەر محمد (د.خ) ) بەرهەم هێناوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست ببێت.

**٥- گەورەکردن (تەعزیم):**

شێوازێکی ترە لە شێوازی بانگکردنی خوازەیی، بانگکار لە باری درووستی خۆی دەردەچێت و بە مەبەستی دەرخستنی گەورەیی (تەعزیم)کردنی بانگکراوە. بۆ نموونە:

**ئەی خوداوەندی ئاسمان و زەمین**

**سانعی ڕۆژ و شەو و مەهو پەروین.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٧٧)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (وەسف) لە بەرامبەر گەورەیی و دەسەڵاتی خودای گەورە بەرهەم هێناوە، بۆیە شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست بووە

**٦- هاندان:**

شێوازێک لە شێوازەکانی بانگکردنی خوازەییە، بانگکار لە باری درووستی خۆی دەردەچێت و هانی بانگکراو دەدات. بۆ نموونە:

**کوردەکان، ئەی کوردەکان، ئەی لاوی پڕ هێزو قەوەت**

**ڕۆژی سەندنی خوێنی ئەو جوتە شەهیدە جوانەیە.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٤٩)

لەم دێڕە شیعرەدا؛ (کامیل) بەهۆی وشەی بانگکردنی (ئەی) بە شێوازو مەبەستی (هاندان) لە بەرامبەر لاوی کورد بەرهەم هێناوە، ئەمەش وایکردووە شێوازی بانگکردنی خوازەیی درووست ببێت.

**تەوەری دووەم- شێوازی داڕشتنی بێ لە داخوازی:**

مەبەست لەم شێوازی داڕشتنە ((ئەوەیە کە ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتنی شتێک داوا ناکات، کە بە دیهاتنی مەحاڵ بێت)) (الجارم،2005: 203) یان دەوترێت شێوازی داڕشتنی بێ لە داخوازی ((داواکارییەک داوا ناکات، کە بەدەست نەهێنرێت)). (المراغی،1993: 61)، واتە: ئاخێوەر داوایەک دەکات کە مەحاڵ نەبێت بۆ بە دەستهێنانی، بۆیە ئەم بەشە دەبێتە چەندین جۆر:

**یەکەم- سوێند:**

سوێند خواردن بۆ گەیاندنی پەیامی دڵنیاییە بە بەرامبەر، لە لای شاعیر (ئاوات) دا بە ڕوونی لە شیعرەکانی دەبینرێت؛ بۆ نموونە:

**مـاوین بەڵام چ مان بە خودا مەرگ خۆشترە**

**مەرگێکە نیوەی ژینە، چ ژین، ژینی ترش و تاڵ.** (زەنبیلی،١٣٨١: 194)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، (بە خودا)؛ سوێند خواردنە بە خودای تاک، شاعیر لێرەدا دەیەوێت بە سوێند خواردن جەخت لەسەر هیوا خواستن بە مەرگ

لە جیاتی ژیانکردن بکات، بە دیهاتنی ژیانێکی خۆش مەحاڵ نییە، بەڵام بارودۆخ رێگر بووە، بەمەش دارشتنی بێ لە داخوازی درووستبووە.

**دووەم- سەرسوڕمان:**

ئەم جۆرەیان پەیامی نێردراو بە ئامراز و وشەکانی تایبەت بە سەرسوڕمانەوە؛ وەک: (عەجایب، بەهـ بەهـ، هەی هەی، ئای، وای، سەیرە، ....) درووست دەکەن، (ئاوات) بە هۆی ئەم وشەو ئامرازانەوە؛ دارشتنی بێ لە داخوازی بە دیهێناوە، بۆ نموونە:

**عەجایب مای ((ئیمامی)) بەو هەموو دەردانەوە**

**کێیە ئەمرۆکە وەکو تۆ بەندەی جەرگ و دڵ پساو.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٢٣)

لە نیوە دێری یەکەمدا (عەجایب) هاتووە، وشەیەکە بۆ سەرسوڕمان لە هەندێک شت دەردەبڕدرێت، شاعیر سەری لە خۆی سوڕماوە کە وا چۆن بەو هەموو ناخۆشی و نەخۆشیەوە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە.

**سێیەم- پیاهەڵدان:**

ئەم جۆرەشیان بریتییە لە پیاهەڵدان و پێشاندانی کردەوەی چاکی کەسی پیاهەڵگوتراو، (ئاوات) دوو جۆر پیاهەڵدانی هەیە؛

بۆ نموونە:

**شیرین زمان و ئەفسەحە ئەو، بۆیە ((کامیل))یش**

**جوانە وشەی زمانی بە مەدحی مولەببەسە.** (زەنبیلی،١٣٨١: ٤٨)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر مەدحی (پێغەمبەر محمد (د.خ) کردووە، کە چۆن (کامیل) لە جوانی و شیرینی کارو کردەوەکانی پێغەمبەر (د.خ) وشەکانی بە شێوازی پیاهەڵدان پێی بە جوانی دەربڕیووە. ئەمەش مەحاڵ نییە؛ بۆیە دارشتنی بێ لە داخوازی بەرهەم هاتووە.

**چوارەم- هیوا:**

هیوا جۆرێکی ترە شاعیر بە واتای ژیانەوەو کۆڵنەدان بەکاریهێناوە، بۆ نموونە:

**وا هات بەهاری تازە شنەی بای شەماڵە دێ**

**ناقوسی ژینی پڕ لە هیوای کیژ و کاڵە دێ.** (زەنبیلی،١٣٨١: ١٦٥)

لەم دێرە شیعرەدا (ئاوات) وشەی (هیوا)ی بە واتای (چرۆکردن و بەخشینەوەی ژیانێکی نوێ و نزیکبوونەوە بۆ هێنانەدی ئاواتی کچان) هاتووە، واتە: مژدە بەخشە، وەک چۆن لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار گوڵەکان سەر لە نوێ دەژینەوەو جوانی و سەوزایی بە بەر زەویدا دەکەن، بۆیە مەحاڵ نییە گەر مرۆڤ بە هیواوە بژیت، ئەوا دەکرێت رۆژێک بە ئاوات و خواستەکانی بگات.

**ئەنجام:**

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١- (کامیلی ئیمامی) بە شێوازە خوازەیییەکانی دارشتن واتای جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە.

٢- لە فرمانی خوازەیی شێوازەکانی (پاڕانەوە، ئامۆژگاری، شانازی، تکا، وشیارکردنەوە، ناورانەوە)و لە نەهێشتنی خوازەیی شێوازەکانی (پاڕانەوە، داوا، ئامۆژگاری، تکا، وشیارکردنەوە، دڵدانەوە)و لەپرسیاری خوازەیی شێوازەکانی (پاڕانەوە، خۆزی، گلەیی، میهرەبانی، وشیارکردنەوەو ترساندن، سەرسامی)و لە خۆزی خوازەیی شێوازی (پاڕانەوە)و لە بانگکردنی خوازەیی شێوازەکانی (پاڕانەوە، گلەیی، شانازی، سەرسامی، گەورەکردن، هاندان)مان لە دیوانی (کامیلی ئیمامی) بەدیکردووە، کە بەشێکی گەورەی شیعرییەتی دەقەکانی لەم رێگەیەوە بەرجەستە دەکات.

٣. پەیام گەیاندن لە پشتی ئەم شێوازە خوازەییانە، دەقەکان لە دەقی ئاساییەوە دەگۆڕن بۆ دەقی نوخبەیی، بۆیە خوێنەر وشیار نەبێت، ناتوانێت بەم شێوەیە لە هەموو مەبەستەکانی بگات.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم- سەرچاوە کوردییەکان:**

١- زەنبیلی، حاجی سەیید کامیل ئیمامی (١٣٨١ی هەتاوی): دیوانی ئاوات (کامیل شای زنبیلی)، لێکۆڵینەوەو لەسەر نووسینی: سەیید نەجمەدینی ئەنیسی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەهرەوی مەهاباد، مەهاباد.

٢- سەجادی، عەلائەدین (١٩٨٦): خۆشخوانی (گوزارەکاری-ڕەوانکاری-جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

٣- عزیز، ژوان عبدالسلام (٢٠١٠): دارشتن وەک یەکێک لە گرنگترین فۆرمەکانی واتاناسی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٦٠)، هەولێر.

٤- گەردی، عزیز (١٩٧٩): ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.

٥- مستەفا، د. ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١١): لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**دووەم- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

6- الحسيني، راشد (2004): "البنى الأسلوبية في النص الشعري"، الطبعة الأولى، دار الحكمة، لندن.

7- الجارم، علي-مصطفى أمين (2005): "البلاغة الواضحة (البيان والمعاني والبديع)"، الطبعة الأولى، دار العلم الحديث، المدن (؟).

8- الجرجاني، محمد بن على بن محمد (1997): "الإشارات والتنبيهات في علم البلاغة"، مكتبة الأدب، المدن (؟).

9- السيد فودة، د. عبدالعليم (بدون سنة الطبع): "أساليب الأستفهام في القرآن الكريم"، مؤسسة دار الشعب، مصر، القاهرة.

10- الطرابليسى، محمد الهادي (1981): "خصائص الأسلوب في الشوقيات"، المطبعة الرسمية للجمهورية التونسية، تونس.

11- العيد، د. محمد (2007): "اللغة والأبداع الأدبي"، الطبعة الأولى، الأكاديمية الحيثة للكاتب الجامعى، القاهرة-مصر.

12- القزويني، الخطيب (دون سنة الطبع): "الإيضاح في علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

13- المراغى، أحمد مصطفى (1993): "علوم البلاغة (البيان والمعاني والبديع)"، الطبعة الثالثة، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

14- الميداني، عبدالرحمن حسن حبكة (1996): "البلاغة العربية (أسسها، وعلومها، وفنونها)"، المجلد الأولى، الطبعة الأولى، دار القلم، دمشق.

15- الهاشمي، السيد أحمد (2005): "جواهر البلاغة"، الطبعة الأولى، دار المعرفة ، بيروت-لبنان.

16) اليمني، يحي بن حمزة بن على بن إبراهيم العلوي (2002): "الطرز المتضمن لأسرار البلاغة وعلوم حقائق العجاز"، الجلد الثالث، الطبعة الأولى، المكتبة العصرية صيدا، بيروت.

17- جمعة، أ. د. حسين على (2005): "جمالية الخبر زالإنشاء (دراسة بلاغية جمالية نقدية)"، منشورات أتحاد الكتاب العرب، دمشق.

18- عباس، د. فضل حسن (2005): "البلاغة فنونها وأفنانها"، الطبعة العاشرة، دار الفرقان، عمان.

19- عتيق، د. عبدالعزيز (1974): "في البلاغة العربية (علم المعاني)"، الطبعة الأولى، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان.

20- فيود، د. بسيونى عبدالفتاح (2004): "علم المعانى (دراسة بلاغية ونقدية لمسائل المعانى)، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة.

21- مرتاض، د. عبدالملك (1998): "السبع المعلقات مقاربة سيميائية أنثروبولوجية لنصوصها، الطبعة الأولى، منشورات اتحاد كتاب العرب، سوريا، دمشق.

22- مطلوب، د. أحمد (1980): "أساليب بلاغة (الفصاحة، البلاغة، المعاني)"، وكالة المطبوعات في الكويت، كويت.

23- مطلوب، أحمد (1983): "معجم المصطلحات البلاغية و تطورها"، الطبعة الأولى، المطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.

24- هارون، محمد عبالسلام (2001): "الأساليب الإنشائية في النحو العربي"، الطبعة الخامسة، مكتبة الخانجي، القاهرة.

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ (**الاساليب المجازية للانشاء في شعر (كامل امام انموذجا)** إلى إلقاء الضوء على أهمية الأساليب الإنشائية الطلبية وخصائصها التعبيرية والجمالية في شعر (كامل إمام) وذلك من خلال الانطلاق من مُسلَّمة وجود قيم جمالية ودلالية للاساليب الإنشائية الطلبية وأنها تُكسب الخطاب الشعري أبعادا جمالية لما تنطوي عليه من دلالات متنوعة ومضمرة وخصائص تخرجها عن دلالتها الحقيقة إلى دلالات مجازية تستمدها من السياق ، تلك الاساليب الإنشائية المتجلية في الخماسية الطلبية( الأمر والنهي والاستفهام والتمني والنداء) إذا وظفها الشاعر توظيفها دقيقا في خطابه الشعري وأثرى بها القيم التعبيرية والجمالية لشعره الرصين وهذا من صميم وظيفة الشعر وهو منتظر ومتوقع من الشعراء المبدعين والمتميزين.

**الكلمات المفتاحية:** أسلوب الإنشاء، إنشاء طلبي، إنشاء غير طلبي، الشعر.

Metaphoric Styles of Composition with Reference to Kamili Imami’s Poems’

**Abstract:**

This research is entitled ‘**Metaphoric Styles of Composition with Reference to Kamili Imami’s Poems’**. It is a purpose to show the essence and importance of the methods of composition. The styles of metaphor in composition also have the foundation of artistic beauty, giving poetry a kind of beauty and other characteristics, carries various meanings. In this way, any kind of metaphorical method of composition, including command, prohibition, question, request and call, has enriched the poet's poems with special messages and meanings, and the poet has given the recipient a variety of hidden psychological messages in his way of expressing and composing, which is the duty of poetry and is expected from the creative poet.

**Keywords:** The style of composition, Composition of demand, Composition without demand and poetry.